# لینین و گفتوگۆیەک دەربارەی ژنان

وەگێرانی: عمران هاواری

ئامادە کردنی: کلارا رتکین

خوێنەری بەرێز ئەم گفتوگۆیە ڕاستەوخۆ بێهیچ پێشەکیەکی ئەدەبی دەست پێدەکات کە لەنێوان "کلارا رتکین" و "لینین"دا لەساڵی 1920 ئەنجام دراوە، بەڵام مەبەستی من لەوەرگێرانی ئەم گفتوگۆیە تەنها ئەوە بووە کە لەبارەی بەرنامە دارشتن بۆ ڕزگارکردنی تاکی ژن بیرو هزری "لینین"تان پێ ئاشانا بکەم، ئەڵبەتە بەبۆچۆنی من بیروشێوازی لینین بۆ رزگاری "ژنان" تاکە ڕێگایە بۆ ڕەهابونیان، جەختیش لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە بۆ ڕزگار کردنی ژنان، بێ لەو شێوازانەی کە لینین لەم گفتوگۆیەیدا باس دەکات، هەر ڕێگایەکی تر بگرینە بەر، بەدڵنیاییەوە پێتان دەڵێم جگە لەخۆ خڵافاندنی خۆمان و ڕەگەزی بەرامبەر هیچ شتێکی تر لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت. هەروەها ئەوەش لەخوێنەری بەرێز ئاگادار دەکەمەوە کە من نە لایەنگری "لینین"م و نە لایەنگری بیری "کۆمەنیست"یم، بەڵکو تەنها پشتگیری و داکۆکی لەو شێوازانە دەکەم کە بەڕاستی خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەن، ئیتر ئەو شێوازانە دارێژەری هەر بیرێک بێت:

_((لەبەر ئەوە بەلای ئێمەوە مایەی شانازیە کە خواستەکانی ژنان بخەینە روو. ئەمەش بەکەمترین بەرنامەمان لەقەڵەم نادرێت، هەروەها نە بەرنامەیەکی چاکسازی بەواتای " سۆسیال دیمکراتیک" و نە بە " ئەنتەرناسیۆنال دووەمی" تەماشای دەکەین. ئەم کارەشمان سەلمێنەری ئەوەش نیە کە وا بزانین بورژوازی و ئەو دەوڵەتە دەستڵاتدارە بۆ هەتا هەتا بەپایەداری دەمێنێتەوە، ئەمە هەوڵێکە بۆ کاراکردن و وروژاندنی ژنانە لە چاکسازیەکاندا، و مەبەستیشمان ئەوە نیە کە لەپێناو مافە ڕەواکانیان لە ڕێرەوی تێکۆشان و شۆرش کردن لایان بدەین، بەهیچ شێوەیەک مەبەستمان ئەوە نیە، ئەم کارەمان هیچ شێوە فێڵ و فریوێکی ڕفۆرمیستی لەخۆ ناگرێت، بەڵکو خواستی ئێمە زنجیرەیەک دەرئەنجامی زانیستیە کە پێویستیە هەنکۆکەییەکانی ژنی لاواز و بێبەش لەسیستەمی بورژوازی لەخۆ دەگرێت، هەروەها دژایەتی ئەو سوکایەتیە ناشیرینانە دەکەین کە لەرێی ئەم سیستەمەوە دەدرێتە پاڵ ژنانەوە. بەخستنە رووی ئەمانە، ئێمە ئەوەتان بۆ دەسەلمێنین کە ئاگاداری پێویستی و ئەو ستەمانەی کە لە ژن دەکرێت هەین و زۆریش نەفرەتیان لێ دەکەین. بەڵێ، نەفرەتی لێ دەکەین و خوازیاری لەناوبردنی هەرجۆرە ستم و ئازارێکین لەسەر ژنانی کرێکار، هاوسەری کرێکار، ژنی لادێ، هاوسەری پیاوێکی ئاسایین. بگرە هەر ئەم نەهامەتیەش دوچاری ژنە چینە باڵاکانیش دەبێتەوە. ئەو ماف و پێشنیارەی ئێمە کە لە دەوڵەتی بورژوازی بۆ ژنانی داوای دەکەین، گەواهی ئەوە دەدات کە ئێمە هەلومەرج و بەرژەوندیەکانی ئەوان لەبەر چاو دەگرین، نەک ئەوەی بەشێوەی پارانەوە داوا لەدەستەڵات بکەین ئەو مافە بگەرێننەوە بۆ خودی ژنان، بەڵکو لەقاڵبی ئەو شۆرشگێرانەی کە ژنان بەرەگەزێکی یەکسان لەمافدا بۆ دوبارە بنیات نانەوەی ئابوری و دوبارە هەڵچنینەوەی ئایدۆلۆجیاکان داوای ئەو مافەیان دەکەین و بانگەوازی بۆ دەکەین.

ئەو دڵنیاییەم بە "لینین" بەخشی کە منیش هەمان ئەو بیروباوەرە پایەدارەم هەیە، بەڵام بێگومان دژایەتی لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستە دەکرێت، هزری "مۆلەق و دوودڵ و ترسنۆک" ئەم بیروباوەرە بەناونیشانی "ئەپۆرتۆنیسم"ی گومانلێکراو ڕەت دەکەنەوە. دەبێت ئەم خاڵەش لەبەرچاو بگرین کە ئەو خواستانەی بۆ ژنان دەیانخەینە روو، لەوانەیە بەهەڵە لێی تێبگەن و بەهەڵەش لێکیشی بدەنەوە.

لینینش بەسەرسورمان و کەمێک دڵگرانیەوە وتی:

_(( لەمەبستت تێناگەم، ئەوەی باست کرد واتای چی دەگەیەنێت، ئەو هەرەشەیە، لەهەر شتێکدا باسی دەکەین یان ئەوەی لەژیانی رۆژانەماندا ئەنجامی دەدەین بونی هەیە. ئەگەر ماوە بدەین ئەم ترسە رێ لەهەر ئەنجام دانی کارێکمان بگرێت کە لەژیانماندا پێویستە، باشتر وایە برۆین لەگۆشەی محرابێکدا بۆ خۆمان دانیشین. ئێمە نابێت لەهیچ شتێک بترسین، بەهیچ شێوەیەک نابێت رێ بەترس بدەین رۆبچێتە ناو دەرونمانەوە، ئەگینا ئەو شێوازە والایەی کە بانگەشەی بۆ دەکەین هەرگیز پێی ناگەین. ئەوەی پەیوەستە بەئێمەوە تەنها ئەوە نیە کە چ شتێکمان دەوێت کە لەدەستەڵاتی ئێمەدا نیە، بەڵکو بەچ شێوەیەک پێشنیار و بەچ شێوەیەک کار لەسەر کردنیشی یەکێکە لەپایە گرنگەکانی بەدەست هێنانی دەستکەوتەکانمان. لەوباوەردام تا ئەو شوێنەی پێویست بێت رونم کردووەتەوە. ئێمە نابێت لە بانگەشەکانماندا بتێک لەو خواستانەی کە بۆ ژنان هەمانە بسازێنین، نەخێر! ئەمەش پەیوەستە بەو هەلومەرجەی کە تێیدا دەژین. بەڵێ دەبێت کاتێکی تایبەت بۆ خواستەکان تەرخان بکەین، بۆ ئەوەی لەپێناویاندا بجەنگێین، هەمیشەش هەموو ئەمانە دەبێت لەگەڵ بەرژەوەیندیەکانی "پرۆلیتاریا" یەک بگرێتەوە.

هەر کێشمە کێشێکی ئالەم جۆرە ئێمە لەگەڵ دارودەستەی بۆرژوا بەرێزەکان، و نۆکەرانی چاکسازیەکاندا هەڵدەشاخێنێ. ئەوان لەم داواکاریەی دواییەماندا یان ناچارن هاوشانی ئێمە بجەنگێن_کە هەرگیز ئەوە هەوڵویستی ئەوان نیە_ یان دەبێت ئەو دەمامکە ساختەیە لەدەم و چاویان فرێ بدەن. ئەم جەنگە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە لەوان جیابکاتەوە و ڕوخساری کۆمۆنیستی خۆمانیان بۆ بخەینە ڕوو. بەم شێوەیەش متمانەی زۆرینەی ژنان بەلای ئێمەدا ڕادەکێشرێت، زۆرینەیەک کە هەمیشە لەلایەن دەستەلاتدارانەوە وەک هەر کەرەستەیەک بەکارهێنراون، و خاوەن دەستەڵاتدارەکان هەمیشە وەک کۆیلەیەک تەماشایان کردون. زۆرینەیەک کە لەژێر دەستەڵاتی خاوەن کارخانەکان و کۆمەڵگای بۆرژوا بەگشتی خۆی بەتێکشکا و کۆیلە دەبینێت. ژنانی کرێکار هەمیشە لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا خیانەتیان لێکراوە و پشت گوێ خراون، پەی بەوە دەبەن کە دەبێت بە شێوەی شۆرشێک هەمویان دەست لەناو دەست بنێن و پێکەوە بجەنگێن. ئایا پێویست بەوە دەکات بەئاشکرا بانگەشەی ئەوە بکەم، یان بەرێزتان لەم بانگەشە کردنی ئاشکرای ئەم بابەتە ئاگادار بکەم کە تێکۆشان و جەنگین لەپێناو مافی ژناندا، دەبێت لەهەموو لایەکەوە پەیوەست بێت بە بنەماو ئامانجەکانمانەوە، بەواتا لەگەڵ ئامانجی بەدەست هێنانی دەستەڵات و بەرقەراری دیکتاتۆری پرۆلیتاریا. ئەڵبەتە لەئێستادا، بەشێکە لە"ئەلف بێ" ی شۆرەشەکەمان و تا هەین هەر بەوشێوەیە دەبێت، ئەمەیان گومانی تێدا نیە و بەشێوەیەکی ڕەها رونە، بەڵام ڕێژەی زۆری ژنی کرێکار_ئەگەر ئێمە تەنها پشت بەم خواستەمان ببەستین_ ئەوا ناتوانین بەلای خۆماندا ڕایانکێشین، بگرە ئەگەر ئەم خواستانە بەشەپیور جار بدەین و گوێ فەلەکی پێ کەر بکەین، نەخێر هەزار جار نەخێر! ئێمە دەبێت هزری زۆرینەی ژنان لەم خواستە لەڕوی سیاسی و بەهەموو پێکهاتە ڕەنجەکانیەوە لێ ئاگادار بکەین، و ئاوێتەی نیاز و هیواکانی ژنانی کرێکاری بکەین. دەبێت بۆ هەموو ئەمانە بسەلمێنین کە دکتاتۆری پرۆلیتاریا بەلای ئەوانەوە چ واتایەک دەگەیەنێت: یەکسانیەکی تەواو لەبەرامبەر تەواوی پیاواندا، هەم لەڕوی یاساییەوە و هەم بەکردار، لەناو خێزاندا، لەناو کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگادا بونیان وەک پێویستیەکی سروشتی بسەڵمێنین، هەروەها دەبێت ئەو متمانەیان پێ ببەخشین کە بونی ئەوان هۆکاری سەپێنەری نابودی هێزی بورژوایە.

من پێم وتی ڕوسیا ئەمە دەسەلمێنێت. هەر ئەمەش دەبێتە نمونەیەکی مەزنی ئێمە.

لەم کاتەدا لینین بەردەوامی پێدا: ((ڕوسیار خواستەکانی ژنان لە ئاستێکی نوێ و باڵاتردا دەخاتە روو. لەژێر سایەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ئەم خواستانە چیتر نابێتە بابەتی کێشمە کێشی نێوان پرۆلیتاریا و بورژوازەکان. ئەم خواستانە دوای کرداری کردنیان دەبنە بەردی بناغەیەک کە کۆمۆنیست بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست سودی لێ وەردەگرێت. هەستان بەم کارەمان سەرنجی ژنانی ئەودیو ڕوسیاش لە دەستەڵاتی پرۆلیتاریا ئاگادار دەکەینەوە. جیاوازی هەلومەرجی ئەوان لەوێ و لێرەدا بەشێوەیەکی زەق بخەینە روو و پشتیوانی زۆینەی ژنان بۆ دژایەتی بۆرژواز دەبێت بەدەست بهێنین. خۆبەشی زۆرینەی ژنان لەسەر بنەمای پەیبردنێکی ڕون و ئاشکرا لە شێواز و لەسەر بنەمای پێکهاتەیەکی پایەدار، بۆ ئەوەی ببنە بابەتێکی بناغەیی حزبە کۆمۆنیستەکان کە مایەی سەرکەوتنی ئەوانە. بەش و ئەنندامەکانی سەرتاسەری دەوڵەتی ئێمە هێشتا بەتەواوی پەی بەم بابەتە نابەن. ئەمانە لەزەمینەی بەدی هێنانی بزوتنەوەیەکی زۆرینەی ژنانی زەحمەت کێش لەژێر ڕابەرایەتی کۆمۆنیستی، خوویان بە دانبەخۆداگری و چاوەڕوانی کردنەوە گرتووە. ئەمانە هێشتا پەی بەوە نابەن کە گەشە و ڕابەرایەتی بزوتنەوەیەکی ئاوا بەشێکی هەرە گرنگی حزب و هەروەها نیوەی زۆرینەی چالاکیەکانی حزب داگیر دەکات. ئەوەیکە هەندێ کات ئەمانە پێویستی و بەهاکانی بزوتنەوەی کۆمەنیستی ئامانجدار، و بەهێز و بەرفراوان، و بەشێوەیەکی ڕون و ئاسان بناسن، هەروەها زیاتر لایەنی پێناسەکانی "ئەفلاتون"ی لەخۆ دەگرێت تا سەرقاڵی و ئەرکی حزبی.

ئەمانە، وروژان و بانگەشە کردن لەنێو ژناندا و ئەرکی هێنانە گۆرەپانی مەیدانی ژنان لەبەرگی کودەتاکەرێکدا بەناونیشانی کار و ئەرکێک تەنها لە ژنانی کۆمۆنیستدا ڕادەبینن، گەر ئەم کارەش خێراتر و بەتواناتر بەرێوە نەچێت، ئەوا تەنها ژنانی کۆمۆنیست بەشایستەی سەرزەنشت دەزانن. ئەم بۆچونە زۆر هەڵەیە، زۆریش هەڵە! ئەمە بۆ خۆی جیاخوازیەکی ئاشکرایە لەنێوان چینی ژناندا. ئەمە یەکسانیەکی ئاوەژووکراوە. کەواتە گەوهەری ڕوبەڕوبونەوەکانی ئێمە خۆی لەچیدا دەبنێتەوە؟ من دەربارەی ڕوسیا قسە ناکەم. دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بەکەم گرتنی ژنان و بەدەستهێنانەکانیان کۆتایی دێت. دەقاودەق ئالەم جۆرە هەڵوێستانەدا تەنها پێشبینی ئەوە دەکرێت! بەداخەوە گەر بمانەوێت هاورێکانمان وەک زەوی بکێڵین ئەوا لەو هەموو کۆمەنیستانە لەوانەیە دوان یان سێ کۆمەنیستی مەبدەئی و ڕۆشنبیری لێ دەربچێت. بۆ دڵنیا بەخشین، دەبێت خاڵە هەستیارەکان بۆ نمونە شێوازی بیرکردنەوەیان لەبارەی ژنان دەبێت هزریان وەک زەوی بکێڵین. بۆ سەلماندنی ئەم قسەمان چ شایەتێک باشترە لەو دیمەنە دوبارەبوو و ڕۆژنانانەی کە خەڵکی بەخەیاڵێکی ڕاحەتەوە تەماشای ژنانێک دەکەن کە کاری ڕۆتینی ناو ماڵ هەموو کاتی ئەوان بەفیرۆ دەدات و لەڕوی دەرونی جەستەییشەوە بەردەوام ئازاریان دەدات، و ڕۆحیشیان پەژمردە و هزرشیان دەپوسێنێت، هەروەها دڵیشیان لاواز و ئیرادەشیان سست دەکات. پێویست ناکات بڵێم مەبەستم خانمانی بورژوا نیە کە هەموو کار و ئەرکی بەرێوبردنی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵەکانیان دەخەنە ئەستۆی کارەکەرەکانیان. لێرەدا مەبەستی من زۆرینەی ژنانی کۆمەڵگایە کە زیاتر هاوسەرانی کرێکار دەگرێتەوە. بگرە ئەگەر ئەمانە ڕۆژ لەکارخانەکاندا بەسەر بەرن و وەک پیاویش موچە وەرگرن و لەهەمان کاتدا ژنی ناوماڵ بن.

زۆرینەی هاوسەرەکان، بگرە لە نێو کەسە پرۆلیتاریاکانیشدا ئەوە بەدی ناکرێت لەکاروباری ناو ماڵدا هاوکاری هاوسەرە ژنەکانیان بکەن بۆ ئەوەی کەمێک ئەرکی ناوماڵیان لەسەر کەم کەنەوە، یان بیانەوێت ئەرکی هاوسەرەکانیان لەم زەحمەتە سوک و ڕزگاری بکەن، زۆر کەمە. چونکە ئەمە پێچەوانەی "خاڵە جیاوازەکانی هاوسەریەتیە"، هاوسەرێک کە بەدوای ئاسودەیی و حەوانەوەدا دەگەرێت، و ژنیش لە ژیانی ماڵداریدا ڕۆژانە خۆی بەهەزاران کاری بێنرخەوە سەرقال دەکات و خۆی دەکاتە قوربانی. مافی دێرینی هاوسەر و سەروەر و دەستەڵاتدار بێ هیچ دەنگەدەنگێک وەک خۆی ماوەتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی

کۆیلەی ئەم جۆرە دەستەڵاتدارانە تۆڵە لە سەروەرەکانیان بکەنەوە، ئەم تۆڵەیەش بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجام دەدرێت و سەرداپۆشراوە...... من ئاگاداری ژیانی کرێکارەکانم، ئەم ناسینەی منیش تەنها لەرێی نوسین و کتێبەکانەوە نیە، چالاکیبە کۆمۆنیستیەکانمان لەنێو زۆرینەی ژناندا و کارە سیاسیەکانمان بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی ئەوەی شێوازێک لەپەروەردەی پیاوانیش لەم رووەوە لەخۆ بگرێت. ئێمە دەبێت دیدگای کۆیلایەتی هەم لەنێو کەسە حزبیەکان و هەم لەنێو زۆرینەی خەڵکیدا ریشە کێش بکەین. ئەمە یەکێکە لە ئەرکە سیاسیەکانی ئێمە، ئەم ئەرکەمان ئەوندەش پێویستە کە رێخراوێک لە هاورێیانی ژنان و پیاوانمان لەروی تیوری و کرداریەوە زۆر بەباشی پەروەردە کرابێتن پێک بهێنین و برەو بەکاری سیاسی لەنێو ژناندا بدرێت و بەرەو پێش ببرێت.

لینین ئەو پرسیارەی کە لەبارەی هەلومەرجی روسیاوە لێم کرد بەم شێوەیە وڵامی دامەوە:

_((حکومەتی دیکتاتۆری پرۆلیتاری، و حزبی کۆمۆنیست، و یەکێتی کرێکاران، هەموو هەوڵێکی خۆیان دەخەنە گەر بۆ ئەوەی زاڵبن بەسەر ئەقڵی خێڵەکی و دواکەوتودا و لەم رێیەوە رۆحیەتی کۆن و غەیرە کۆمۆنیست لەریشە بکێشن. چیتر پێویست ناکات بڵێین ژنان و پیاوان لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن، چونکە بەدڵێکی فراوانەوە هەوڵی بەدی هێنانی ئەم یەکسانیە دەدەین. ئێمە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەین ژنان بەشداری لەچالاکیە ئابوری و بەرێوبەرایەتی، و دامەزراندنی یاسای دەوڵەتدا بکەن، لەلایەن ئێمەوە هەموو بوار و بەشێک بەروی ژناندا کراوەیە. بۆ ئەوەی بتوانن لەبواری کۆمەڵایەتیدا شارەزاییەکی باشتر بەدەست بهێنن. ئێمە لەئێستادا لەحاڵی چارەسەر کردنی ئەو کێشانەین کە ژن لە دروست کردنی چێشت و جل شۆرین و قاپ شۆرین رزگار بکەین. هەوڵ بدەین یەکەیەکی دەوڵەت هەستێت بەجێبەجێ کردنی ئەم کارانە. ئێمە خەریکین، دایەنگا و رەوزە و ماڵی منداڵ و رێکخراوی پەروەردەیی جۆراوجۆر پێک دەهێنین. بەکورتیەکەی ئێمە خەریکین بەدڵسۆزیەکی تەواوەوە پێویستی بەرنامەکانی خۆمان جێبەجێ دەکەین بۆ ئەوەی ئەرکی ماڵەوانی و پەروەردەی منداڵ لەئەرکی تاکەکەس بێنینە دەرەوە و بیکەینە ئەرکی سەرتاسەری کۆمەڵگا. ئا بەم شێوەیە  ژن لە زنجیری کۆیلایەتی کۆنی ماڵداری و تەواوی ئەو وابەستەییانەی کە بەهاوسەرەکەیەوە هەیەتی رزگاری دەبێت، ئالەم کاتەدا ژن دەتوانێت توانا و ئارەزوەکانی خۆی بەتەواوی ئاشکرا بکات و منداڵانیش لەبەرامبەر ماڵدا فەزا و هەل و مەرجێکی باشتریان بۆ گەشە کردنی کەسایەتیان دەست دەکەوێت. ئێمە پێشکەوتوترین یاسای پەیوەست بەژنانمان هەیە.

لەجیهاندا، ئەم یاسایەش لەلایەن نوێنەری سەرەکی کرێکارانەوە پێک دەهێنین و ئەوان پیادەی دەکەن.        ئێمە ئێستا خەریکی دامەزراندنی بنکەی منداڵبون، و ماڵگەلێکی تایبەت بە ژن ومنداڵ، بنکەی تەندروستی دایکان، خولی پەروەردە و فێرکردن لەبارەی چۆنیەتی پاراستن و چاودێری کردنی منداڵەکانیان و ئالەم جۆرە شتانەین. ئێمە بۆ هاوکاری کردنی ژنان بەهەموو شێوەیەک پەل و پۆی خۆمان دەهاوێژین.

بەدڵنیاییەوە هەموومان دەزانین کە هەموو ئەم شتانەش لەچاو پێویستیەکانی ژنانی کرێکاردا زۆر کەمە، و ئەوەیکە هێشتا لە رزگاری راستەقینەی ئەمانە زۆر دورین. سەرەرای ئەمانەش لەبەرامبەر ئەو هەلومەرجەی کە روسیا هەیەتی هەنگاوێکی زۆر گەورەمان ناوە. هەروەها بەبەراورد لەگەڵ ئەو هەل و مەرجەی لەو وڵاتانەی کە دەستەڵاتی سەرمایەداری بێ رەقیب هەیەتی پێشکەوتنی بەرچاومان بەخۆوە بینیوە. بەراستی بەمە دەڵێن بەئاراستەی چاکدا هانگاونان، و ئێمەش بەشێوەیەکی بەردەوام و بەهەموو توانایەکمان هەوڵی بەرفراوانکردنی دەدەین. بەرێزیشتان لەوە زۆر دڵنیا دەکەمەوە، چونکە هەموو رۆژێک کە تێدەپەرێت باشتر بۆمان دەردەکەوێت کە بەبێ ئامادە بونی ملیۆنها ژن ئەگەری پێشکەوتنمان مەحاڵە. ئەوە بهێنەرە بەرچاوت، ئەمە لەوڵاتێکدا کە لە 80%ی لادێ نشین پێکی دەهێنێت چ واتایەکی دەبێت. کشتوکاڵی لادێیەکی بچوک، خۆی بۆ خۆی پەیوەست بوونی ژنان بەماڵەوە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. تۆ لەم رووەوە لەهەندێک هەلومەرجدا لەئێمە باشتر دەبیت،  بەمەرجێک خەڵکی پرۆلیتاریاکەی تۆ پەی بەوە ببەن کاتی قۆستنەوەی بەدەست هێنانی کۆدەتایەکە، لەهەمان کاتدا ئێمە لەگەڵ تەواوی گرفتەکان، رێ بەنائومێدی نادەین زاڵ بێت بەسەرماندا. لەگەڵ زیاد بونی گرفتەکان تواناکانی ئێمەش پەرە دەسێنن. ئا بەم شێوەیە  پێویستیە کرداریەکان ئێمە هاندەدات بەدوای رێگای تازەدا بگەرێین، بۆ ئەوەی ژن لەکۆیلایەتی رزگار بکەین. مەبەستم وابەستەبونی هاورێیانەی کۆمۆنیستیە نەک ئەو وابەستە بۆرژوازیانەی کە چاکخوازەکان"ریفۆرمیست" بانگەشەی بۆ دەکەن، چاکخوازەکان وروژانی کودەتای خۆیان وەک بۆنی سرکەی هەرزان لەدەست دا. وابەستەبونی کۆدەتاییەکان دەبێت لە داهێنانی تاکەکانەوە سەرهەڵبدات، و دواجار ئەم داهێنانانە بگۆردرێن بە چالاکیەکی کۆمەڵایەتی و دواجار ئاوێتەی یەکتر بکرێن. لەژێر دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا، ئازادی ژنان لە رێی بەدی هێنانی کۆمۆنیسم، لە لادێکاندا بەرەو پێشتر دەچێت. لەم رووەوە من لەمیکانیزم کردنی پیشەسازی  و کشتوکاڵ چاوەرێی زۆر شت دەکەم. خۆی بۆ خۆی ئەمە نەخشەیەکی زۆر گرنگە! گرفتی ئەم رێگایە زۆر گرنگە، بۆ زاڵبون بەسەر گرفتەکاندا دەبێت ئەو توانا شاراوەیەی کە لەنێو خەڵکیدا شاردراوەتەوە ئازاد بکرێت، ئەمانە دەبێت پەروەردە بکرێن، ملیۆنها ژن دەبێت لەم پرۆژەیەدا بەشداری بکەن.

لە دە خولەکی دواییدا، کەسێک دوجار زەنگی لێدا، بەڵام "لینین" گوێ نەدا بەزەنگەکە و بەردەوامی دا بە قسەکانی. دوای تەواو بونی گفتوگۆکانی هاواری کرد:

_((ئەوە هاتم.))

دوای ئەوە بەزەردەخەنەیەک روی تێکردمەوە ئەمەی وت:

_((دەزانی چی کلارا، دەمەویست سود  لەو راستیەی کە لەگەڵ ژنێکدا قسە دەکەم وەرگرم و زۆربڵێی ژنانیش بکەمە ناونیشانی بەهانەیەک بۆ دێرکەوتنی من، بۆ ئەو کەسەی کە لەزەنگی دەرگاکەی دا، هەرچەند ئەمجارەیان ئەوە پیاو بوو زیاتر زۆربڵێی دەکرد نەک ژنێک. بەکورتیەکەی دەبێت ئەوە بڵێم بەراستی تۆ گوێگرێکی باش بویت، لەوانەیە هەر ئەمەش هانی منی دابێت ئەو هەموو قسەیە بکەم.))

لینین بەدەم ئەم قسە خۆشانەیەوە لە لەبەرکردنی پاڵتۆکەمدا یارمەتی دام و وتی:

_((تۆ دەبێت لەم جلانە گەرمتر لەبەر بکەیت، مۆسکۆ، "شتوتگارت" نیە. تۆ پێویستت بە بەچاودێریە، ئاگادار خۆت بکە سەرمات نەبێت. خوات لەگەڵ.